# گەندەڵی

سلێمان عەبدوڵڵا یونس . بریتانیا
slemanyunes@yahoo.co.uk

گرفتی ئیدارەکانی سلێمانی و هەولێری حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها ئەو دووکەرتبوون و دابەشبوونە نی‌یە کە بەهۆی شەڕی نەگریسی براکوژیەوە لە ئایاری ساڵی 1994 وە بەرۆکی گرتوون و پراکتیزی ئەم تێکەڵکردنەوە و یەکگرتنەوەی تاڕادەیەک ئەستەم کردووە ، بەڵکوو گرفتی هەرە سەرەکی بەردەم یەککرتنەوەی ئەو دوو ئیدارەیە کەڵەکەبوونی ئەو گەندەڵیە زەبەلاحەیە کەتەنگی بەژیانی ئیداری ئەم دوو ئیدارەیە هەڵچنیووە و بەڕادەیەک کەلەوانەیە چیتر لە توانای ئەو خەڵکە رەش و ڕووتەی کوردستاندا نەمابێت بەرگەی بگرن و سەری بێدەنگی و بەردەوام بوونی ئەو دۆخە نالەبارەی بۆ بخەنە کۆشی ئارامی و چاوەڕوانی زیاتر و زیاترەوە .

بێدەنگ بوونی خەڵکی کوردستان و چاوپۆشینیان لەو هەموو گەندەڵی و ڕۆتین و پاشاگەردانیەی نێو دامودەزگا بەناو حکومی و لە بنەڕەت و ئەساسداحزبیانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، ماوەی زیاتر لە 13 ساڵە بەهۆی کاریگەری بەکارهێنانی دەستەواژەی ئەزموونە ساواکەمانەوە بووە ، کە زیرەکانە میدیا و کەناڵەکانی ئەو دوو حیزبە بە هاوکاری بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی کورد ختۆکەی هەستی نیشتیمانی و نەتەوەیی خەڵکی لە سەر کولتوری سۆز و عاتیفە پەروەردە بووی کوردستانیان پێداوە و هەر لەو ڕێگەیەشەوە هەم توانیویانە بەر لە نارەزایی و گلەییەکانی خەڵک بگرن و هەمیش ڕێگەیان نەدا بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ دروست ببێ و بەسانایی شیان جڵەوی هەموو ڕێکخراوە دیموکراتی و جەماوەریەکان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە بەمەش هەتا ئێستا ئەو دوو حیزبە بە بەردێک دوو شێشکەیان کوشتووە .

خەڵکی کوردستان لەمێژە هەستیان بە کوشندەیی ئەو گەندەڵی و ڕۆتین و نایەکسانی‌یە کردووە ، ئێستا هەموو کەس بەئاسانی دەتوانی خەڵکی کوردستان بەسەر سێ توێژ و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی تەواو لە یەکتر جیاوازدا ، دابەش بکات ، چینی هەرە سەرەوە کە بریتین لە سەرۆک و سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی حزبەکان و

لێپرسراوە باڵاکانی حکومەت و فەرمانده ئازاکانی شەڕی ناوخۆ و ئەندامانی نزیک و دووری خێزانەکانیان ، چینی ناوەڕاستیش کە بریتین لە کادیرە ناوەندیەکان ناو حیزب و حکومەت و هێزی پێشمەرگە ، چینی خوارەوە کە زۆرینەی خەڵکی کورستانن بە کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان و تێکۆشەرە دێرینەکانی خەباتی شاخ و شاری خودی ئەو دوو زلحیزبە و پارت و ڕێکخراوەکانی تری کوردستانیشەوە .

دروست بوونی ئەم هەڕەمە کۆمەڵایەتیە ،کاریگەریەکی زۆر نێگەتیڤی لەبەرە و پێش چوونی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ڕوناکبیری و بگرە کولتوریشی بەدوای خۆیدا هێناوە ، متمانەی خەڵکی بە حکومەتی کوردستان و بەتایبەتی بە دوو زلحیزبەکەی کوردستان زۆر لاواز بووە ، بزووتنەوەی ناڕەزایی بە شێوەیەکی کاریگەر پەرەی سەندووە ، لەنێو ئەو بزووتنەوانەدا خەڵکانی نەترس و جەسور و نیشتمان پەروەر زۆرن و هەرگیز بواری ئەوە لەبەردەم حکومەت و یەکیتیی و پارتی‌دا نی‌یە بە تابووری پێنجەم یان بەگێرە شێوێنیان ناو ببەن ، بۆیە ئێستا بەڕاستی وادەی چاکسازی و پاکسازی بنەڕەتی نێو دام و دەزگا حکومی و حیزبیەکانە ، کاتی هەنگاوی بەکردار و بەپەلەیە ، کاتی پراکتیزەکردنی دانانی کەسی شیاوە بۆ شوێنی شیاو ، کاتی ڕیشەکێش کردنی پێوەرەکانی حزبایەتی و خزمایەتی و گروپ بەندی و پیاوپیاوێنەیە،لە دانان و پێدانی پۆستەکان لانی کەم لە پۆستە ئیداریەکاندا ، کاتی ڕەچاوکردنی پسپۆڕی و ئەزموونداری و لێوەشاوەیی بەتوانایی و زیرەکی‌یە .

ئەگەر ئێستا یەکێتیی و پارتی نەتوانن بنبڕی گەندەڵی و ڕۆتینی ئیداری ناو ئیدارەکانیان بکەن ، کە خۆیان دەسەڵاتی ڕەهان تیایاندا ، ئەستەمە لە دوای یەکگرتنەوەی ئەو دوو ئیدارەوە بتوانن ئەو کارە بکەن ، چونکە ئەزموونی فیفتی بە فیفتی پیدەچێ ئەزموونی زاڵ و دووبارە کراوەبێ ، گرفتەکەش بەوە زیاتر قوڵ دەبێتەوە کە ئەم دوو ئیدارەیە بۆ نەگبەتی کورد بە دوو ئەزموونی گەندەڵی لە یەکتری جیاوازەوە ، نیازیانە پاش زیاتر لە 11 ساڵ دابەش بوونی بەکردار ، هەر بەبڕیار یەکتری بگرنەوە ، گەندەڵی و دووکەرت بوون دوانەی نێگەتیڤی نیو ماڵی کوردین و پێویستیان بەئیرادەیەکی سیاسی بەهێز هەیە ، پێویستیان ڕێکەوتنێکی تەواڤقی پێشوەخت هەیە ، کە پێویستە سەرکردایەتی سیاسی خەڵکی کوردستان پێش هەموو شتێک لەسەری یەکدەنگ بن و هەنگاوی خێرا و بەجدی بۆ بهاوێژن ، چونکە

**لاوزبوونی پردی متمانەی نێوان خەڵکی کوردستان و سەرکردایەتیە سیاسیەکەیان لەمە زیاتر لە بەرژەوەندی ئەم هەلومەرج و بارودۆخە سیاسیەی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و دنیاشی پێدا گوزەر دەکات دانیە ،گەندەڵی دەردێکی کوشندەیە ، بەر لەوەی بمانکوژێت با بەجەسارەتەوە ڕووبەڕووی ببینەوە .**